# مەریوان




کۆکردنەوە نووسینی: مەنسوور تەها

مەریوان یەکی  لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە باکوورەوە بۆ سەقز، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ سنە و لە باشوورەوە بۆ نۆدشە لە پارێزگای کرماشان ڕێگەی هەیە. مەریوان لە ڕۆژاواوە تەنیا ١٦ کیلۆمەتر لە سنووری باشماخەوە دوورە کە لە خاڵە سنوورییە دەستکردەکانی، باشووری کوردستانە و ئەمە بووەتە هۆی گەشەی ئابووریی دانیشتووانی ئەم شارۆچکە. هەروەها نزیک بوون بە گۆلی زرێبار و ناوچەی هەورامان کە دوو ناوچەی گەشیتارین بوونەتە هۆی بەناوبانگ بوونی ئەم شارۆچکە. بە پێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١١ مەریوان ١١٠٤٦٤ کەس دانیشتووی هەبووە. زاراوەی سەرەکیی دانیشتووانی سۆرانییە هەروەها ژمارەیەکیش هەورامیی تێدایە.

## مێژوو

شاری ئیمڕۆی مەریوان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدو پەنجا ساڵ لە مەوپێش ئەم شارە لە نزیکی سنوری دەوڵەتی عوسمانلی دابووە کە لە ساڵی 1865 زاینیدا بە فەرمانی ناسرەدین شای قاجار پاشای ئەو سەردەمەی ئێران لە نزیکی گۆلی زرێبار قەڵایەکی سەربازی دروست کرا کە تێچووەکەی چل هەزار تمەنی ئەو کاتە بووە چوار ساڵ دوای ئەوە فەرهاد میرزا مامەی ناسرەدین شا کە والی ئیالەتی ئەردەڵان بو قەڵاکەی نەختێ

بچوک کردەوە و لە جاران بە هێزتری کرد و ناوی نا قەڵای شاەئاباد و لە نزیکی قەڵاکە شارۆکێکیان دروست کرد و چەند بنەماڵەیەکیان لە لادێکانی دەوروبەرەوە بۆ هانی دوای فەرهاد میرزا حاجی موحەمەد عەلی خانی زەفەرولمولک قەڵاکەی گەورەتر کرد و کاروانسەرا و حەمام و کارێزی ئاوی تێدا دروست کرد ئەم هەمو شتانە دوای ماوەیەک لە شەڕی هۆزەکانی مەریواندا وێران بو سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی سەفەوی، قاجاڕ و عوسمانی ئاماژەی زۆریان تێدایە بە ڕوودانی شەڕ لە مەریوان یا لە دەشتی مەریوان. زۆری ئەم شەڕانە لە نێوان دوو داگیرکەر قاجار (ئێران ئەمڕۆ) و عوسمانی (تورکیەی ئەمڕۆ) یا میرنشینە کوردییەکاندا ڕووی داوە. مەریوان سنووری نێوان ئیمپراتۆریی قاجاڕ و عوسمانی بووە و زۆر جار شوێنی شەڕ و ناکۆکیی تایەفە کوردەکان بووە.

## قەڵای مەریوان

قەڵای مەریوان یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکانی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان بووە. بۆ یەکەمجار «میر حەمزەی بابان» لە سەدەی ١٤ی زایینیدا دروستی کردووە. پاشان سورخاب بەگی ئەردەڵان لە ساڵی ١٥٣٨دا نوێی کردووەتەوە و پەرەی پێ داوە و لە ساڵی ١٥٤٢دا کردوویە بە پایتەختی حکوومەتی ئەردەڵانەکان. بەڵام سلێمان خانی ئەردەڵان لە ساڵی ١٦٣٦دا، سنەی کردووە بە پایتەختی خۆی و لەبەر ئەوەی کە قەڵای مەریوان نەکەوێتە دەستی دوژمنان و نەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن، وێرانی کردووە.

## گۆلی زرێبار



زرێبار دەریاچەیەکی گەورەی سروشتیی ئاوی شیرینە کە لە ٣ کیلۆمەتریی ڕۆژاوای شاری مەریواندایە. ئاوی زرێبار لە سەرچاوە ئاوییەکانی بنی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و هیچ ڕووبارێکی تر نارژێتە ناوی و هەروەها سارێژی ئاوەکەشی چەمی زرێبار پێک دێنێت

که به دەشتی مەریواندا تێپەڕ دەبێت و دەڕژێتە سەر ڕووباری سیروان. زرێبار و سروشتی دەوروبەری کە دەشت و کێو و دارستان و گیانلەبەری جۆراوجۆری تێدایە، یەکێک لە سەیرانگا بەناوبانگە گەشتیارییەکانی کوردستانە. بەرزاییەکەی لە ئاستی دەریاکان ١٢٩٠ مەترە و درێژییەکەی (ئاڕاستەی باشووری-باکووری) زیاتر لە ٨ کیلۆمەترە و پانییەکەشی (ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات-ڕۆژاوا) نزیکەی ٣ کیلۆمەترە. لە هەندێک لە زستانە ساردەکاندا ڕووی زرێبار بە تەواوی سەهۆڵ دەبەستێت.

## پردی کەردڵان یا گاران



پردی کەردڵان لە ١٠ کیلۆمتری شارەستانی مەریوان لە ڕێگەی گاران (تیژتیژ)کە یەکی لە شوێنە مێژوویەکانی مەریوانە. پردەکە بەرد تاشراو . سارووج و خشت لە سازکراوە. پردەکە پێنج درگانە سازکراوە کە دوو دانە لەدرهاکانی لە وەسەتی چۆمەکەیە.پردی گاریَ ڕێگەی نێوان گاران و مەریوان و سنە و مەریوان بوە کە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلات داری ساسانیەکان کە تا ساڵی ١٣٢٠ وەک ڕێگەی هاتووچو بەکار هاتوە لە کاتی دەسەلات داری سەفەویەکان و والیەکانی ئەردەلان چاکراوتەوە و یەکی لە شوێنەواره مێژویەکانی کوردستانە



سێ لووتکەی کێوی ئیمام. قەڵای مەریوان لەسەر لووتکەی ناوەڕاستدا بووە





@mansourtaha



وێنەی پانۆرامایی لە دیمەنی دەشتی مەریوان و زرێبار لەسەر قەڵای مەریوانەوە




بەرێزان ئەم بابەتانە و بابەتەکانی کە کەم و کۆری زۆرە سپاستان دەکەم کە هاوکارمان بن لە سەر بابەتەکان و دەتوانن بم شێوانە پەیوەندی بکەن و هاوکارمان.

@mansourtaha تلگرام

mansuur.ta81@gmail.com